موحسین کەریم لەبارەی (مەلەفی چەپ لە ئەمێی کوردستادا … ئامادەکاری مەلەف : هیوا عومەر

موحسین کەریم: دەبێت پلاتفۆرمی چەپ وکۆمۆنیست وەك بەدیلی سیاسی دەسەڵات خۆی پێشکەش بکات
گفتوگۆی ڕێگای کوردستان لەگەڵ موحسین کەریم ئەندامی مکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەبارەی (مەلەفی چەپ لە ئەمێی کوردستادا)
ئامادەکاری مەلەف : هیوا عومەر ……

لەبارەی ئەم مەلەفەوە:

ێیشەی تێکۆشانی هێزە چەپ و مارکسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بێ نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
لەناو ئەوموژوەدا سەرەڕای وێستگەی جیاجیا بەڵام لاپەرەکانی تەژییە لەدەستکەوت بێ هاوڕاتیان کەخۆی لە دابینکردنی بەشێك لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و سیاسییەکان دەبینێتەوە و توانراوە جێگیر بکرێت لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەستووری عێراق لە قۆناغە جیاجیاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت. هەندێك لەم دەسکەوتانە پەراوێز خراوە و لاواز کراوە، هەندێکی ماوە.
لەهەڵومەرجی ئەمڕۆماندا هەنگاوەکانی حکومەت وەك؛ ڕەنگدانەوەی سروشتی چارەکە سەدەیەکی ئەم حوکمڕانیەو ئەم تایپە لە دەسەڵات (فۆرمێکی ڕێژەهەڵاتی)لە ئابووری ڕەیعی بریتییە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێك بە قازانج و ویستی بانك و کارتێلە مشەخۆرەکانی ژێر چەتری (نیولیبرالیزمی سەرمایەداری)
ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لەبەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری وهەژاری ولەدەستدانی بەشێك لەومافانەی بەدەستهاتبوون .
ئەوەی دەگوزەرێت لە هەڵومەرجی ئابووری وسیاسی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی نوێ بۆ ململانێی چینایەتی وتێکۆشانی جەماوەری هێناوەتە پێشەوە، کە ئەرکی جدیتری خستۆتە بەردەم هێزەکانی چەپ لە بەرامبەر شکستی بەرەی راستەوی دەسەڵات.

ماپەری ڕێگای کوردستان بێ فۆکس خستنەسەر ئەو ئەرکانە و ڕێی

هێزە چەپ ومارکسییەکان ئەم دەسییەی کردبوو .
موحسین کەریم ئەندامی مکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە میانەی بەشداریکردنی لە (ملەفی چەپ لە ئەمڕۆی کوردستاندا) پێیوایە : " کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریەو بزوێنەری هەموو پرس و مەسەلە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و بگرە فەرهەنگی و کەلتوریەکان، ململانێی چینایەتی نێوان سەرمایەدارو کرێکارو توێژە چەوساوەو زەحمەتکێشەکانە. ئەم ململانێ چینایەتیە، بەهۆکی راست وروون دا ناچێتە پێشەوە و هەمیشە بە کارکردی فکری و سیاسی هێزو رەوتە بۆرژوواییەکان، ئەم راستیە سەرەتاییە لێ و تەومژاوی دەکرێ و جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش چەواشەدەکرێن."

ئەو پێشی وایە : " بۆرژوازی بەردەوام ئەم هەلومەرجی چەواشەکردنە بەرهەم دێنێتەوە، زەین و هۆشی کرێکارو زەحمەتکیش بە ئەفکارو بۆچوون و لێکدانەوەکانی سەبارەت بە ژیان و بەهاو پرسە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و فکری و سیاسیەکان پێدەکات. هەوڵ دەدات لێکدانەوەو جیهانبینی چینایەتی کرێکار وەکو شتێکی خەیاڵی و ناواقعی و دروستکراوی زهنی چەند بونەوەرێکی دابڕاو لە مێژوو و ژیان و کۆمەڵگا نیشان بدات."

موحسین کەریم لە بارەی زەرورەتی پلاتفۆرمێکی سیاسی باوەی وایە : " تەنها پلاتفۆرمێکی سیاسی دەتوانرێ بخرێتە روو لەلایەن هەر هێزێکی جەپ و کۆمۆنیستەوە کە مەشغەلەی خەباتی سۆشیالسیتی و ئامادەکردنی چینی کرێکار بێت بێ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی، کە بێ پێچوپەنا وەکو بەدیلی سیاسی دەسەڵات و حوکمڕانی شکستخواردووی بۆرژوازی کورد خۆی بنوێنێ. "

دەقی بەشداری موحسین کەریم ئەندامی مکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەبارەی (مەلەفی چەپ لە ئەمڕۆی کوردستادا)

ماڵپەری ڕێگای کوردستان : کام خوێندنەوە پێویستە بێ دیاریکردنی ئەرك و ڕۆڵی چەپ و مارکسیەکان؛خوێندنەوەیەك کە ڕۆڵی چەپ لە پەراوێز خراوی دەریبهێنێ و بیکاتە لیدەر لە ئاراستە کردنی ڕووداوەکان ؟

موحسین کەریم: کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریەو بزوێنەری هەموو پرس و مەسەلە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و بگرە فەرهەنگی و کەلتوریەکان، ململانێی چینایەتی نێوان سەرمایەدارو

کرێکارو توێژە چەوساوەو زەحمەتکێشەکانە. ئەم ململانێ چینایەتیە، بەهۆکی راست وروون دا ناچێتە پێشەوە و هەمیشە بە کارکردی فکری و سیاسی هێزو رەوتە بۆرژوایەکان، ئەم راستیە سەرەتاییە لێ و تەومژاوی دەکرێ و جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش چەواشەدەکرێن. بۆرژوازی بەردەوام ئەم هەلومەرجی چەواشەکردنە بەرهەم دێنێتەوە، زەین و هۆشی کرێکارو زەحمەتکێش بە ئەفکارو بۆچوون و لێکدانەوەکانی سەبارەت بە ژیان و بەهاو پرسە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و فکری و سیاسیەکان پێدەکات. هەوێ دەدات لێکدانەوەو جیهانبینی چینایەتی کرێکار وەکو شتێکی خەیاڵی و ناواقعی و دروستکراوی زهنی چەند بونەوەرێکی دابڕاو لە مێژوو و ژیان و کۆمەڵگا نیشان بدات.

لەپاڵ ئەم هێرشە بەردەوام و ڕۆژانەیە بۆسەر چینی کرێکار و توێژە بۆبەشەکانی کۆمەڵگادا، ماشینی سەرکوت و داپڵۆسین و پۆلیس و هێزە تایبەتەکانی ئامادەیە بێ بەدەنگکردنی هەسوڕاوان و ڕابەرانی چینی کرێکارو هەرجۆرە بزوتنەوەیەکی سیاسی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش.

هەر هێزێکی چەپ و سۆشیالیست و کۆمۆنیست ئەگەر لەم شەڕە چینایەتیەدا لەبەرامبەر بۆرژوازیدا ئامادە نەبێ و دەوری پێشەنگ و ڕابەری بێ دوودڵی و شەرشگێڕانە نەبینێ، هەمیشە دەبێ یان ڕاوێژکاری بۆرژوازی بێت بێ ریفۆرم و چاکسازی و پاراستنی سیستەم و دەسەڵاتی بۆرژوازی لە مەترسی بزوتنەوە و هەڕەشانە کرێکاریەکان، یان لە باشترین حاڵەتدا لە پەراوێزی کۆمەڵگادا وەکو ڕەوت و گروپێکی فشارو ڕەخنەگری دەسەڵاتی بۆرژوازی بمێننەوەو هیچی تر.

مەرجی ئەوەی کە هێزو بزوتنەوە مارکسی و کۆمۆنیستەکان بتوانن ڕابەری کۆمەڵگاو ئاڵوگۆڕەکان بن، دەبێ لەم شەڕە چینایەتیەدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندیە تایبەتی و چینایەتیەکانی کرێکارو توێژە بۆبەش و زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگا بکەن. دەبێ ڕاست و ڕەوان سەنگەری شەڕی چینایەتی کرێکار لە بۆرژوازی قایم و پتەو بکەن. دەبێ سنوری بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەگەڵ بەرژەوەندی بۆرژوایدا بە ڕوونی جیابکەنەوە، ڕێگا نەدەن لەلایەن ئەحزاب و سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرانی چینی بۆرژوازیەوە بشێوێنرێ و بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی چینی سەرمایەدار لە بەرگی بەرژەوەندی گشتیدا بکرێت بە بەری کرێکارو چەوساوەکانی کۆمەڵگادا.

دەبێ لەهەموو قۆناغەکانی خەباتی چینایەتیدا نوێنەرایەتی ئەم

بەرژەوەندیە سیاسی- چینایەتیە سەربەخۆیە بکەن و هەنگاو بە هەنگاو لەرووی فکری- سیاسی- رێکخراوەییەوە ئەم ریزە سەربەخۆیە بپارێزن و پتەوی بکەن. ئەرك و لێپرسراوێتی کۆمۆنیستەکان و مارکسیستە شۆرشگێڕەکان ئەوەیە کە بەپێی ئەم لایەنگیریە سیاسی- کۆمەڵایەتیەیان ستراتیژ و تاکتیکی سیاسی بۆ ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی ئامادەبکەن. تاکتیکی سیاسی و خەباتی سیاسی رۆژانەیان تەنانەت لە مەیدانی ریفۆرمی سیاسی و ئابوریشدا پێویستە بەشێك بێت لە پرۆسەی ئامادەسازی چینی کرێکار بۆ شۆرشی کرێکاری. دەبێ شەڕی فکری و سیاسی هێزو رەوتە سەرەکیەکانی بۆرژوازی بکەن. دەبێ لە سەرجەم پرس و مەسەلە سیاسیەکانی کۆمەڵگادا ئامادەبن و نەخشی هێزێکی بەرپرس و دەخالەتگەرو رابەری سیاسی جەماوەری بۆبەش بگێڕن .بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی ئەنتی تێزی بزوتنەوە بۆرژوازیەکان و دەسەلاتی بۆرژوازیە. ئەمە ئەو ناوەڕۆك و خەسڵەتە سیاسی و چیانەتیەیە کە دەبێ بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی هەڵگری بێت بۆئەوەی ببێتە خاوەن و بزوێنەری روداوە سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگا.

ماڵپەری ڕێگای کوردستان : هەڵومەرجی ئەمڕۆ و شکستی حوکمڕانی بەرەی راستەوی ، چ بژاردە و پلاتفۆرمێکی مومکین دەخاتە بەردەم هێزەچەپ و مارکسییەکان ؟

موحسین کەریم: بەبۆای من تەنها پلاتفۆرمێکی سیاسی دەتوانرێ بخرێتە ڕوو لەلایەن هەر هێزێکی جەپ و کۆمۆنیستەوە کە مەشغەلەی خەباتی سۆشیالسیتی و ئامادەکردنی چینی کرێکار بێت بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی خۆی، کە بۆ پێچوپەنا وەکو بەدیلی سیاسی دەسەڵات و حوکمڕانی شکستخواردووی بۆرژوازی کورد خۆی بنوێنێ. ئەگەر مەدلی دەسەڵاتداڕێتی بۆرژوازی و هێزە سیاسیەکانی شکستی خواردوە، ئەگەر ئەم دەسەڵاتە دوای ٢٦ ساڵ ناتوانێ کارەبا، ئاوی خواردنەوە، ڕێگاوبان، خزمەتگوزاری تەندروستی، مووچەی کرێکارو کارمەندەکانی دابین بکات، ناتوانێ بەرمیلێك نەوت بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر بکات بۆ ئەم سەرمای زستانە، لەولاشەوە گیرفانی هاوڵاتیان بەبیانوی جێرواجێرەوە تاڵان دەکات و دەیان جۆر ڕەسم و باجی لەسەر خەڵك داناوە، دەسەڵاتێك کە هیچ شتێکی نیە پێشکەشی کۆمەڵگاو خەڵکی بکات بەڵام هاوکات دەستی بردوە بۆ بنی گیرفانی هاوڵاتیانی کوردستان، ئیتر چی ماوەتەوە و بۆچی کۆمەڵگا دەبێت لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە بەڵوەببڕێت!؟ خەڵك ئیتر چ پێویستی بەوانە؟ ئایا بەراستی ئەمانە لە خەڵك زیادە نین و پێویست ناکات بڕۆن و دەسەڵاتداڕێتی خەڵك

بکەوێتە دەستی خەڵکی خۆیان؟

ئەگەر هێزێکی خۆی بە چەپ و کۆمۆنیست دەزانێ و دەیەوێ لە پەراوێزی کۆمەڵگادا بێتە دەرەوەو دەوری رابەر ببینێت، پێویستە ئەم وەڵامە بداتەوە بە کۆمەڵگاو گرفتەکانی سەر رێگای ئەم ئاراستەیە چارەسەر بکات. دەبێ کۆمۆنیستەکان و چەپ، بەراشکاوی ئەو پەیامە بە کۆمەڵگا بڵێن. دەبێ بڵێن ئیتر نۆرەی دەسەڵاتی خەڵکە. بە دەسەلات بڵێن ئەوە ٢٦ ساڵە دەسەڵاتی کوردستانتان بەدەستەوەیەو ئەوە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ژیان وگوزەران و خزمەتگوزاریەکانە.. ئەوە بارودۆخی خوێندن و پەروەردەیە… ئەوە بارودۆخی خەستەخانەکانە. ئەوە بارودۆخی ژیانی هاوڵاتیانی هەژارو کەمدەرامەتە… پێیان بڵێن ئیتر کاتی ئەوە هاتوە خەڵک لەرێگای شوراو ئەنجومەنەکانی خۆیانەوە کۆمەڵگا بەڕێوەبەرن. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە دامەزراوەکانی وەکو کارەباو ئاوو خەستەخانە و شارەوانی و … لەلایەن ئەنجومەن و شوراکانی کرێکاران و کارمەندانی ئەو شوێنانەوە بەڕێوەببرێن. دڵنیاین کە ئەوان زۆر باشتر لە ئێوە دەتوانن ئاوو کارەباو خزمەتگوزاری پزیشکی و … بۆ خەڵک دابین بکەن… پێویستە پێیان بڵێن کە دەسەڵاتی خەڵک دەتوانێ زۆر لە ئێوە باشتر گرفتی بەمووچەیی چارەسەر بکات. پەیوەندی نێوان کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەشێوەیەکی سەردەمیانەو ئینسانیانە یەکلا بکاتەوە. دەسەڵاتی خەڵک زۆر لە ئێوە باشتر دەتوانێ کوردستان و خەڵکەکەی لە هەڕەشەکانی دوژمنان و کۆنەپەرستان بپارێزێ. دەتوانێ یەکسانی نێوان ژن و پیاو و ماف و ئازادیەکان بۆ هەموان دابین بکات. دەتوانێ ژیانێکی شکۆمەند بۆ هەموو هاوڵاتیان دەستەبەر بکات. هیچ کەس برسی نەبێت. هیچ منااڵێك تووندو تیژی بەرامبەر نەکرێت و تاد….

ماپەری رێگای کوردستان : هێزەچەپ و مارکسییەکان کێن لەمڕدا ، دەتوانن لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا کێبنەوەوبەربەستەکانی بەردەم کاری ئەوهێزانەچین ؟

موحسین کەریم: زۆرن ئەوانەی خۆیان بەچەپ و بگرە بە مارکسی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام کۆمەڵگا چی بکات لە کەسانێك یان لە گروپ و لایەن و حزبێك کە خۆیان بەچەپ و سۆشیالیست و بگرە کۆمۆنیست دەناسێنن، بەڵام هیچ نەخشەکیان نیە لەناو روداوە سیاسی و کۆمەاڵیەتیەکانی کۆمەڵگادا.
هیچ کاریگەریەکیان نیە لەسەر ژیانی کرێکارو زەحمەتکێش. بەردەوام هێزە بۆرژوازیەکان چارەنوس و ئاراستەی ژیانی ئەوان و منااڵەکانیان

دیاری دەکەن. کۆمەڵگا چی بکات لە گرفتی فکری و تیۆری نێوان ئەم گروپ و ئەو گروپ!؟ کۆمەڵگا دەورو دەخالەتگەری سیاسی دەوڵ لە هێزو ڕەوت و حزبە سیاسیەکان.
کاتێك هێزو ڕەوتە چەپەکان ئەم دەورە نابینن، یان هیچ نەبێ بیر لەوەناکەنەوەو کە چۆن وەڵام بەم گرفتە سیاسیە بدەنەوە، وە تەنها بەوە دڵخۆشن کە لەپەنای روداوەکاندا و لە پەراوێزی کۆمەڵگادا کۆبونەوەیەك، کۆڕێك، بۆنەیەك،... ساز دەکەن، بەڵام لەولاشەوە بڕژوای خەریکە نەخشەی دەسەڵات ساغ دەکاتەوە. بەشێکی شکستی خواردوە، کەچی بەشێکی دیکەی خۆی بۆ سازدانەوەی دەسەڵاتی بڕژوازی ئامادە دەکاتەوە. بەڕای من ئیتر بوارێك بۆئەوە نامێنێتەوە کە ئەوەی پێی دەوترێ چەپ ببێتە جێگای ئومێدی خەڵکی بۆبەش و چەوساوە.

لە وەڵامی یەکەمدا ئەوەم ڕوونکردۆتەوە کە دەبێ چی بکەین. من پێموایە هەردەبێ ئەو کارە بکەین. ئەگەر کەسێك خۆی بە میراتگری مارکس و لینین و شۆڕشەکانی کۆمۆنە و ئۆکتۆبەر دەزانێ، دەبێ وەکو ئەوان کاربکات. ڕێگای دیکە نیە. دەبێ کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم ببێتە بەدیلی سیاسی بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی و بەدیلە سیاسیەکانی بڕژوازی. دەبێ کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان لە قامەتی هێزو ڕەوتە بڕژوازیەکان کەمتر دەرنەکەون. دەبێ وەکو خاوەنی کۆمەڵگا دەربکەون و مامەڵەی خۆیان بکەن. دەبێ بەهەمان قیافەشەوە خۆیان بەرامبەر بڕژوازی و هێزو بزوتنەوەکانی و بەرامبەر بە کۆمەڵگا نیشان بدەن. دەبێ کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان ئەوە لەکۆمۆنیست و سۆشیالیست و "چەپەکان" ببینن کە ئەوانیش وەکو بزوتنەوەو هێزی بنەڕەتی و سەرەکی کۆمەڵگا هەسوکەوت دەکەن.

ماڵپەری ڕێگای کوردستان : لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، پلاتفۆرمی چەپ چی بێت ؟ بەشدار بن یان نا ؟ تاچەند بەشداریکردن بە لیستێکی یەکگرتووی چەپ و بە دەستهێنانی نوێنەرایەتی ڕێگا خۆش دەکا و ئاسانکاری دەبێت لە گۆڕینی واقیعی سیاسی و ئابوری ؟

موحسین کەریم: من پێموایە ئەم سیناریۆیە کۆتایی هاتوەو دوا ئەلقەکانی پێشکەش کراون. بە کردەوە سەلمێنراوە کە لە کوردستاندا مەسەلەی هەڵبژاردن و پەرلەمان هیچ بەهایەکی نیەو بەهیچ جێگایەك ناگات، نەك بۆ چینی کرێکارو کۆمۆنیست و سۆشیالیستەکان، بەڵکو بۆ خودی بڕژوایش. پێکهاتەی دەسەڵات و میکانیزمی سیاسەت لە کوردستاندا هەڵبژاردن و پەرلەمان نیە، بەڵکو میلیشیاو هێزی چەکداری حزبیە. هەڵبژاردن و پەرلەمان تاقیکراوەتەوەو شکستی هێناوە. بزوتنەوەی گۆران (٢٥) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا،

(١٨) ئەم نەیتوانی جگا بە یەکێتی نیشتمانی کە تەنها خاوەنی کورسی بوو، لەناو دەسەڵاتدا لێژ بکات و یەکێتی هەر هێزی خاوەن دەسەڵات مایەوە لەگەڵ پارتیدا. قسەکانی مەلا بەختیار لە کەناڵی رووداو جارێکی دیکە ئەو راستیە دەسەلمێنێتەوە کە گرێدانی ئومیدەکان بە هەڵبژاردن و پەرلەمان لە کوردستان تەنها خەفریودان و خۆشخەیاڵیەو هیچی تر، چ جای ئەوە کە هێزێکی چەپ و کۆمۆنیست ئومێدی بەوە هەبێت لەو رێگایەوە دەتوانێ کاریگەری سیاسی لەسەر کۆمەگا هەبێت!